# وەرگێڕان لە نووسین سەختترە!

**شەفیقی حاجی خدر**

پرسیاری گۆڤاری زار و زمان: ڕەوشی وەرگێڕان لە باشووری کوردستاندا چۆن دەبینن؟

وەڵام: ئەوەی ڕاستی بێ، ئەم پرسیارە لەگەڵ ئەوەی کە گشتییە، زۆر دوور و قووڵیشە، شێلانەکەی ئاوی زۆری دەوێ، بۆیە ناکرێ بە بروسکەوەڵامێکی جەختکردنەوە لەسەر باش و خراپ یان مایەی هیوا و ڕەشبینی وەڵام بدرێتەوە.

بە دەرفەتی دەزانم لە ڕێی بەرسڤی ئەم پرسیارەوە، بەگشتی بابەتی وەرگێڕان و تایبەتیتریش هەندێ لایەنی لێکبدەمەوە و ڕوانینی خۆشم لە بارەوە دەرببڕم. هەر هیچ نەبێ گرفت و تەنگوچەڵەمەکانی پێش ئەم کایە مەعریفیەی کە سنووری زمانی نەتەوەیەک دەبەزێنێ باس بکەم. هیوادارم لە وەڵامەکەشمدا ئەوەندە درێژدادڕ نەبم، ببێتە مایەی سەرئێشەی خوێنەر.

بەگوێرەی دەقی پرسیارەکە بێ، ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە، کە مەبەست لە ڕەوشی وەرگێڕان، ڕەوشی هەنووکەیی بێ، ڕەوشی هاوچەرخ، کە ئاشکرایە لەچاو مێژوویێک لە وەرگێڕان زیاتر باسوخواسی لەسەر دەکرێ. دیارە خودی وەرگێڕان لە ئێستای ئێمەدا بۆتە جۆرێک لە دیاردە و ڕەوشێکی بەدوای خۆیدا هێناوە، بۆیە پرسیار هەڵدەگرێ و پرسیاری لەبارەوە لێ دەکرێ.

جارێ لە بەراییەوە، دەبێ ئەوە بڵێین کە ڕەوشی وەرگێڕان لە جیهانی کتێبی کوردیدا، بەتەواوی بە ڕەوشی نووسینی کوردی بەستراوەتەوە، بۆیە کارلێککەری ڕاستەوانە و پێچەوانەیان لەگەڵ یەکدا هەیە. لە کارلێککردنیش پتر ڕەوشی نووسین بە کوردی، نووسین بە زمانی یەکەم و یەکەم جار لە لایەن نووسەری کوردەوە خۆی حاڵەتێکە بە بەراورد لەگەڵ ڕەوشی نووسین لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە، نەوەک نەتەوەکانی دوور، بەڵکو لەگەڵ نەتەوەکانی دەوربەر، لەگەڵ نەتەوە زاڵەکانی دەوروپشتمان، واتە سێکوچکەی زمانە زاڵەکان، کە هەریەکە و بەشێکی جوگرافیای کوردستانی بۆ خۆی دابڕیوە، یان پێبڕاوە، لەگەڵێشیدا کایەی بیر و هۆشی نوسینیشی بە خۆیە داگیرکردووە، هەڵبەتە ئەمانەش سێکوچکەی زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکین.

نووسین لای ئێمە، مەبەستم لە نووسین پتر پەخشان و داڕشتنە نەوەک شیعر، مێژوویێکی ئەوەندە درێژی نییە. دەکرێ بڵێین جووڵەی نووسین بە کوردی وەک زۆر لە دۆخە

کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کورد، بەرتەکی زمان و ڕۆشنبیری و دەسەڵاتی زاڵی هەر سێ زمانە سێکوچکەییەکەی سەرەوە بووە. ئاشکراشە لە کار و کاردانەوەدا، کار دەستپێشخەرە و بەرنامەدار و پلان بۆ دارێژراوە، هەرچی کاردانەوەیە وابەستەیە بە سەنگ و قورسایی و ئاراستەی پێچەوانەی کارەکە، هەرچەندە کاردانەوە لە فیزیادا وا پێناسەکراوە کە هەمان هێزی هەبێ بەڵام بە ئاراستەی پێچەوانە، بەڵام کاتێ ئەم پرسەی دەچێتە نێو بوارێکی کۆمەڵایەتی و ژیاریی گرنگ، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە کاردانەوە ڕەنگدانەوەی کارە، ئیدی لە بۆتەی کارەکە تێناپەڕێنێ. نووسەری کورد بەر لە هەموو شتێک، ئەو دەرفەتەی بۆ نەڕەخساوە تا یەکسەر بە زمانی زگماکی خۆی، بە ئەلفبێتکەی خۆی بنووسێ و سپیارەی بۆ هەڵبەستێ. بەڵکو دەبووایە سەرەتا بە یەکێ لەو سێ زمانە بێگانانە بنووسێ، ئەوسا دواتر لەژێر کارتێکەری بیری نەتەوەپەروەرانەی هەندێ لە شاعیران، وەک ڕێچکەشکێنی، هاتۆتە سەر ئەوەی بە زمانی خۆشی بنووسێ. بەڵام چ نووسینێک، پڕاوپڕ لە وشەی ئەوان، کەچی وەک هەنگاوی سەرەتا هەر باش و پیرۆز بووە، چونکە دواتر لە نووسینی پەتیدا، نووسەرانی کورد لە نەتەوەکانی دراوسێکانیان بردۆتەوە، بەدەر لە زمان و نووسینی عەرەبی، نووسینی کوردی پێ بە پێی ڕۆژگار لە نووسەری تورک و فارس ڕەوانتر و پەتیتر بووە.

لێرەوە ئەم زاڵدەستییە، هەر سێ زمان و ڕۆشنبیری و هێز و دەسەڵاتیان، لە بەرانبەر ئەو بندەستییەی نووسینی کوردی شتێکی دیکەشی هێناوەتە گۆڕی، کە پێم وایە یەکێک بووە لەو هۆکارانەی گرێی دەروونیی تاکی کوردی ئاڵۆزتر کردووە و هەستی زەبوونی پاشکۆیەتیشی تۆختر کردۆتەوە، بەتایبەتیش لەبواری پێکهێنانی توخمگەلی هزری نەتەوەیی و بەرجەستەکردنیەتی. لێرەدا بەداخەوە دەبێ بە تاڵاوییەوە ئاماژە بۆ ئەوە بکەم، مەبەستیش لێی ڕەخنە نییە، ئەوەندەی هێنانەگۆی حاڵی واقیعی کەساسانەی مێژوویی نووسینی کوردییە، ئەویش وەک سەرەتا ئاماژەم پێی دا، کە نووسین بە کوردی، وەک شتگەلی کۆمەڵاتی و سیاسی لە ڕەوتی جووڵانەوەی سەرهەڵدان و بەرەوپێشچوون کاردانەوەی سێکوچکەی زمانی دەسەڵاتی نەتەوە زاڵەکان بووە، بۆیە بیرکردنەوەکەش عەرەبی یان فارسی یان تورکی بووە، ئیدی لە حاڵەتی نووسینی سەرەتا لای نووسەرانی کورد، نووسینەکانیان داڕشتنەوە بووە، واتە ئەوان بیرکردنەوەیان وەک وشەکانیان پەتی نەبووە، بە زمانێکی بێگانە (یەکێ لە سێ زمانەکان) بووە، ئینجا کاتێ دەستیان داوەتە خامە، وەریانگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، واتە پێواژۆی نووسین و داڕشتن لە سەرەتاوە، لە سەرهەڵدانی مێژووی کوردی شتێکی خۆکردی ڕووتی پەتی (ئەبستراکت) نەبووە، بەڵکو بەرخودان و بەرەنگاری و سەلماندنی من هەمم و جیاواز بووە... هەڵبەتە ئەمەش هۆکاری

مێژووکردی خۆی هەیە، لێرەدا ئەگەر باس بکرێ لقوپۆپی زۆری لێدەبێتەوە و لەگەڵ ڕاڤەکردنێکی کۆمەڵایەتی سیاسانەی هەمەلایەنی سەدەستی و بندەستی نەتەوە تێکەڵدەبێ. بۆیە بۆ شۆڕبوونەوە بەنێو ناخیدا دەرفەتێکی دیکە بقۆزرێتەوە باشترە، هەر هیچ نەبێ تا تێکەڵوپێکەڵییەکە بە لاڕێماندا نەبا و لە کرۆکی پرسیارەکە دەرنەچین.

با بگەڕینەوە سەرخاڵێکی گرنگ، ئەویش خاڵی دەستپێکی وەرگێڕانە، واتە وەرگێڕان بە گشتی لە جیهانی نووسیندا، کەی و چۆن هاتۆتە پێش. من بۆیە ئەم خاڵە باس دەکەم، چونکە لەگەڵ خۆیدا پرسێکی زۆر دژوار دەهێنێتە گۆڕێ، ئەو پرسە بەسەر ڕەتی مێژووی وەرگێڕان لای ئێمەی کورد چارەنووساز بووە، تا ڕاددەیەکی زۆریش مۆرێک بووە لە هەنیەی کتێبخانە هەژارەکەمان.

مێژوو سەلماندوویەتی کە وەرگێڕان، وەک وەرگێڕانی کتێب بۆ وەرگێڕانی کتێبە دینییە پیرۆزەکان دەگەڕێتەوە، هەڵبەت مێژووەکەشی بۆ پێش زایین دەگەڕێتەوە. لە کیشوەرە ئاوەدانە دێرینەکانی مێژوودا، واتە سێ کیشوەری ئاسیا و ئەفریقا و ئەورووپا، لە سەدەی سێیەمی پێش زایین بە وەرگێڕانی تەورات بەشی یەکەمی تەوجیل (لێکدانی هەردوو وشەی تەورات و ئینجیلە) مێژووی وەرگێڕان دەستپێدەکا، کە لە عیبرییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر گریکی و پاشان زمانەکانی دیکە، هەرچی لەوپەڕی ڕۆژهەڵاتیشەوە بوو هەر بە وەرگێڕانی پەیام و ڕێنماییە دینییەکانی بودا بووە.

بەداخەوە هەرچەندە ڕووی بەراوردیشی نییە، بەڵام کاتێ دێینە سەر مێژووی وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردیمان، دەبینین ڕەوشەکە تەواو پێچەوانەیە. هەرچەندە دەگوترێ لە کوردیشدا هەر وەرگێڕانی تەوجیل بە سەرەتای مێژووی وەرگێڕان دادەنرێ، بەڵام ئەمە ئەگەر واش بێ، ئەو واتا و مەغزایە بەرفراوانە فرەڕەهەندییەی نییە کاریگەری بەسەر نەتەوەی کورد و جووڵانەوەی نوسین و مێژووی وەرگێڕانییەوە هەبێ. چونکە ئەو تەوجیلەی وەرگێڕدراوە هەر بەڵگەنامەیەکی بەهادار لە یەک دوو کتێبخانەی ڕۆژئاوایی ماوەتەوە، نەکەوتۆتە بەر دەستی خوێندەوارانی کورد، ئەوەش ڕاستییەکە کە بەشی هەرە زۆری نەتەوەکەمان موسڵمان بووە، بۆیە ئەو وەرگێڕانە هیچ باندۆرێکی وەهای نەکردۆتە سەر وەرگێڕان و ڕەوشی مێژووی نووسین.

لە بەرانبەر ئەوەدا شتێکی دیکە هەیە. هەرچەندە کتێبی پیرۆز بە زمانی ئێمە نییە و نەنووسراوە، لێ ئەگەر بەهەمان شێوەی تەوجیل قوڕئانیش وەرگێڕدرابایە سەر زمانی کوردی، ئەوسا وەرگێڕان کاریگەری بەسەر زمانەکەمانەوە دەبوو. کەچی بەپێچەوانەوە ڕەوشەکە تەواو ئاوەژوو بۆتەوە. لە نەتەوەکانی دیکە ئەگەر وەرگێڕانی کتێبی پیرۆز

بووبێتە مایەی هەڕمێنی زمانی بۆوەرگێڕدراو، کەچی ئەم حاڵەتە بۆ نەتەوەیەکی زۆرینە موسڵمان تەواو کێفەڕاتبارانە بووە، چونکە هەر خودی کتێبە پیرۆزەکە (قورئان) کە نەوەک هەر نەکراوەتە کوردی، بەڵکو خودی بیرۆکە دینییەکە لای زانایانی ئایینی بەتایبەتیش لای مەلاکان، ڕێگر بووە لەوەی وەربگێڕدرێ، چونکە بە حەرام و بڤەیان زانیوە، بەو بەهانەیەی وشەکانی وەرناگێڕدرێن، یان قورئان نابێ وەربگێڕدرێ و بکرێتە کوردی، هی ئەوە نییە وەربگێڕدرێ، هەموو بەهانەکانیش بۆ ئەوە بوون کە زمانەکەمان دەرەقەتی وەرگێرانی نایەت. ئیدی لێرە حاڵەتە دژبەرییەکە دێتە گۆڕێ بەوەی لە سەرێکەوە زمانەکەمان لەچاوی زمانی کتێبە پیرۆزەکە بە ناکام دراوەتە قەڵەم، بەمە زەمینە لەبار بووە بۆ ئەوەی خوێندەوارانمان (بە نوێنەرایەتیی مەلا) زمانی باڵای ئاخاوتن و کۆڕ و بابەتە دینییەکانمان زمانیکی بێگانە بێ. بەم جۆرە لەگەڵ سەپاندنی سەرەتای بنەما دینییەکان بە کتێبێک کە بەزمانی خۆمانە نەنووسراوە و وەک ئەمری واقیع پرسی تەعریب هاتۆتەگۆڕێ.

لێرەدا ئەگەر وردتر بڕوانین و هەر لە باسی وەرگێڕان، تووڵەڕێیەک بۆ خودی جۆرەکانی وەرگێڕانیش بکەینەوە، دەبینین لە پرسی قورئان و تێگەیاندنی کوردی موسڵماندا، هەر ئەو مەلایانەی هەفتانە لە ڕۆژی هەینیدا لەسەر مینبەر وتار بۆ خەڵک دەدەن و ئامۆژگارییان دەکەن، ڕۆڵی وەرگێڕی زارەکی دەبینن، لەوێش هەر دەقی ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەرن بە شێوەیەک لە شێوەکان وەردەگێڕن، بەڵام کاتێک پرس دێتە سەر کاغەز ئەوا بە دروستی نابینن هەمان وشەگۆکراوەکانی دەمیان لە کاتی وتارداندا، بکەونە سەرکاغەز. هەڵبەتە ئەمەش جۆرێک لە دژبەرییەتێکی هەڵوێست دێنێتەکایە.

لێکەوتەی زمانی عەرەبی، واتە زمانی کتێبە پیرۆزەکە وا کەوتۆتەوە کە نووسەرانی کورد بە زمانی بێگانە شان و بازووی لێ هەڵبماڵن و لە تەواوی بوارەکانی جیهانی کتێبی عەرەبییدا، بکەونە خۆ، مام هەژار گوتەنی دەیان ئیبن و ئەبوی کورد کتێبیان بە زمانی عەرەبان نووسیوە، بەدەر لە شیعر تاقە یەک کتێبیشیان بە کوردی نەنووسیوە. ئەمە وای کردووە پاراستن و پێشکەوتنی زمان هەر سینگاوسینگ لای خەڵکی ئاسایی کورد نەوەک دەستەبژێر و خوێندەوارەکانی بمێنێتەوە، لە ئاکامیشدا وەک لاساییکردنەوەی سەرف و نەحوی عەرەبیش بێ لا لە ڕێزمان، بۆ پاراستنی زمانی نووسینی زگماک نەکراوەتەوە. پێم وایە دروستنەبوونی شێوە زمان، لەپاڵ زەقنەبوونەوەی بیری نەتەوایەتی لە دێرینەوە بۆ شیوەزار (زمان)ی یەکگرتوو ئەوە بگەڕێتەوە، ئاخر ئێمە وەک ئەوان کتێبمان نەبووە. کاتێکیش زمانی دینیی ئێمە زمانی خۆمان نەبووە و پێی نەنووسراوە، زمانی ئاخاوتنیش هەر زمانی هۆز و تیرە و خێڵ و بەرەباب بووە.

لێرەدا هۆکارێکی تۆبۆگرافیا و جوگرافیشی دێتەسەر و وای کرد زمانی کوردی ئەوەندە زار و بنزاری هەبێ و تەنانەت لە هەندێ زار و بنزاریشدا لەیەک تێگەیشتن زۆر سەخت بێ، ئەویش سروشتەکە خۆی بووە، چیایەک، زنجیرە شاخێک، ڕووبارێک، دۆڵێک بووەتە بەربەستێکی سروشتی بۆ ئەوەی کوردی ئەم دیو و ئەو دیوی شاخ و دۆڵ و ڕوبارەکە هاموشۆیان لەگەڵ یەک نەبێ، ئەو هاموشۆیەی لە ڕێی مەلاکانیش دروستبووە، واتە لە ڕێی سیپارە و کتێبەکانیان بووە، هەر زمانی بێگانەی عەرەبی بە پلەی یەکەم، ئینجا زمانی فارسی بە پلەی دووەم بووە.

بۆ بەدبەختیش ئەم ڕەوشە تا ناوەڕاستی سەدەی ڕابردووش درێژەی کێشاوە. ئەوسا بێنە پێشچاوی خۆت زمانێک ئەو هەموو سەدانە زمانی باڵای خوێندن نەبێ، زمانێک بە ڕای دینداران، زمانی ژیانی ئەو دیو، هی قیامەت و بەهەشت نەبێ و دەرەقەتی دەقنووسکردنەوەی دەقی پیرۆز نەیەت، چی لێدێ و چی لێدەکەوێتەوە؟

ئەمە لەبارەی زمانی دینەوە، بەڵام کە سەیری زمانی (حوکمڕانی)ش دەکەی، تا ڕادەیەکی زۆر ڕەنگدانەوەی حاڵەتی پێشخۆی وەرگرتبوو. ئەوەی قورەکەشی خەستتر کردوە و سەربەقوڕی پێدەهێنرایە پێکەنین، خودی حوکمڕانیی کوردی دوای ڕاپەڕین بووە. مەبەست پەرلەمانی هەرێمی کورستانە، کە هاوشێوەی زمانی دین و کتێبی پیرۆز، تا چەند ساڵێکی ئەم دواییانەش، هەرچی قانون هەبووە سەرەتا بە زمانی عەرەبی دەریکردووە، دواتر ئەگەر کرابێتە کوردی، کە ئەمەش لە ڕووی بایەخی قانونییەوە، زمانی داڕشتنی یەکەم دەخوا. بەهانەی ناقۆڵای ئەوانیش هەر هەمان پاکانەی دینیی بووە. کەواتە زمانێک زمانی دین و زمانی حوکمڕانی نەبێ، چی لێ دەمێنێتەوە، چۆن پێشبکەوێ؟ هەر ئەمەش بووەتە مایەی ئەوەی لە زمانێکی گشتیی لەسەر کۆکبوو، واتە ستاندارد نزیک نەکەوینەوە، چ جای ڕێنووس و فەرهەنگێکی یەکگرتوو.

ئینجا لەم دۆخەدا زمانی کوردی لەپاڵ ئاخێوەرەکانی، بەتایبەتیش لە ڕووی قاڵب و داڕشتەی نووسینەوە کەوتۆتە سەر ئەستۆی نووسەران بە پلەی یەکەم کە مێژووی نوسین هەر دووسەد ساڵێک زیاتر نییە، ئینجا لە پاڵ نووسەران ڕۆڵی وەرگێڕان دێ. لێرەشەوە کاتێک باسی ڕەوشەکە بکەین، هەڵبەتە دەبێ سەرەتا لا لە ئاستەنگەکانی بەردەم وەرگێڕان بکەینەوە، ئینجا دەتوانین هەڵسەنگاندێکی سەنگینی بۆ بکرێ، پاشانیش هەر ڕاسپاردەیەک بۆ چارەسەری گرفتەکان و نەخشەڕێی داهاتوو.

جارێ لەپێشەوە دەبێ ئەوە بڵێین، کە وەرگێڕان دەقنووسکردنەوەیە، ئەوا هەرچی تەگەرە و بەربەستی بەردەمی خودی نووسین هەیە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەپەڕێتەوە بۆ کایەی

وەرگێڕانیش، پاشانیش هەر خودی وەرگێڕان خەم و پرسی خۆی هەیە کە دەبێتە سەربار. بۆیە لەمپەر یان گرێیەکانی بەردەمی وەرگێڕان لە زۆر حاڵەتدا دووقاتی نووسینن.

وەک لە سەرەوە وەک سەرەداوێک خراوەتە ڕوو، باری نووسین لای ئێمە هەم نوێیە و هەم وەک کاردانەوەش بووە، وێڕای ئەوەی نە زمانی دین و نە هی حوکمڕانیش بووە، بۆیە بەو حاڵەی بندەستی ئاخێوەران، لەباری سروشتیی پەڕاگەندەیی و ڕێکنەخراوی بڕیارڕبۆنەدانی بۆ ماوەتەوە. هەر بۆیە ئەو پرسە سەرەکییانەی لەبارەی زمانێکی گشتیی کۆکبوو، یان ئەوەی بە ستاندارد ناودەبرێ، بووەتە ڕێگرێکی سەرەکی هەم لەبەرەوپێشچوونێکی یەکانگیر، بەوەی هەموو جۆگە بەخشندەکانی نووسەرانی کورد بڕژێنە یەک ڕووبار و لەوێشەوە بۆ دەریای زمانەکە خۆی، هەم لەڕووی دەربڕینیشەوە بۆ پرسی نەتەوەیی ئاستەنگێکی سەرنەکەوتنی خەبات و تێکۆشانی خۆی بووە. بە واتایەکی دیکە کە زمان خۆی لەپاڵ شاخەکاندا هۆی مانەوەی کوردبوون بووە، بەوەی لە بۆتەی زمانی دەسەڵاتداری نەتەوەی سەردەست نەتواوەتەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەر زمان لەبەر هۆکارگەلی پێشووو بووەتە هۆی ئەوەی یەکێتیی نەتەوەیی وەک پێویست نەیەتە دی، چونکە عەقڵیەتی ئاخێوەرانی لە هەر قۆناغێکی گرنگی مێژووییدا بە لای ئەوەدا شکاوەتەوە، کە زمانی خێڵ و ناوچەکە، واتە زمانی دەسەڵاتدارە خۆجێییەکە لە سنوورە دەسەڵاتە بەرتەسکەکەی خۆی ببێتە زمانێکی نیمچەفەرمی، هەڵبەت لەپاڵ زمانی دەسەڵاتی نەتەوەی سەردەستە.

کاتێ ڕەوشی زمان بەو شێوە بێ، لە بازنەی زمانی باڵای کۆمەڵگەوە وەک یەکەیەک بۆ پابەندکردنی سەرجەم نووسەرانی خۆی کورتهێن بێ، ئەوا لەپاڵیدا کێشە و ئاریشەکانی دیکەش سەرهەڵدەدەن، وەک نەبوونی ڕێنوس و فەرهەنگێکی یەکگرتوو.

کاتێک ئەمە دۆخێکی درێژخایەنی مێژوویی زمانی نەتەوەکەمان بێ، ئەوا خەمخۆری و پەرۆشی بۆ دەرچوون لەو بازنە بەرتەسکەشدا هەر لە هەوڵ و کۆششی مەردانەی تاکەکەسی هەندێ لە خامەبەدەستان دەرنەچووە. ئەوەی ئەوان بەو حاڵەتە نوسیویانە وەک شتیکی گشتی نەخوێنراوەتەوە. واتە خوێندنەوە هەروەک نووسین لە شەقڵێکی تاکەکەسی، لە شەقڵی دەستەبژێر دەرنەچووە. ئەمە ئەگەر لە مێژوودا نەوەک پاکانە بەڵکو هۆی ڕاستەقینەی خۆی هەبێ، بەوەی خوێندەواری بە شێوەیەکی ئاسۆیی نەبووە، بەڵام خۆ لەگەڵ ناوەڕاستی سەدەی ڕابردودا تا ئێستا ئەو بەهانەیە نەماوە، کەچی حاڵەتەکە هەروەک دیاردەی جاران ماوەتەوە. ئەو گشتگیرنەبوونەی خوێندنەوە لەناو ئێمەدا وەنەبێ هەر بەرۆکی زمانی خۆی گرتبێتەوە، بەڵکو خوێندنەوە بە زمانی بێگانەش هەر لەهەمان دۆخدا

بووە، دیارە ئەمەش ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە، کە ئۆباڵەکەی زیاتر بۆ سیستمی پەروەردە و فێرکردنی سێکوچکەی ماڵ و قوتابخانە و مزگەوت دەگەڕێتەوە.

کاتێکیش دۆخی خوێندنەوە بەم کڵۆڵیە بێ، کە هی ئیرەیی پێبردن نییە، بێگومان لەگەڵ خۆیدا گرفتەکانی بەرهەمهێنانی کتێب و ساغکردنەوەی دێتەپێش، لە لێکەوتەشدا ئەوەی پێی دەگوترێ دنەدەری نووسین، وەک بنەما کاری پێ ناکرێ.

ئینجا ئەگەر بێینە سەر ئەو ئاڵنگاری و ئاستەنگانەی بەردەم کردەی وەرگێڕان، کە تا ئێستا بەرۆکی ئەم ڕەهەندە پڕ بایەخەی بەرنەداوە، ئەوا دەبێ لەسەر هەندێ سەرەداو بوەستین و بەدوای هەڵوێژنینەوەیاندا بچین.

لەسەرووی هەموویانەوە، وەرگێڕان لای ئێمە نەبووەتە پیشە. کاتێک دەڵێم پیشە، ئەوا پرسەکە چەند سەرەیە. ئەگەر بە مێژووی ڕەوتی وەرگێڕانی کوردی و ژیاننامەی وەرگێڕەکانماندا بچینەوە، هەر زوو ئەو ڕاستییەت بۆ دەردەکەوێ، کە هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی وەرگێڕان لە تێکۆشانێکی تاکەسییانە تێنەپەڕیوە. ئیدی بابای وەرگێڕ بە گوێرەی سەلیقە و کاتی تایبەتیی خۆی، لە خەم و پەرۆشی مەیدانچۆڵی ئەو بوارەدا قۆڵی لێ هەڵماڵیوە و هاتووەتە مەیدان. خۆ ئەگەر بە گوێرەی پێوەرە ئەکادیمییەکانیش بێ، ئەوا خوێندن و کۆرسی تایبەت بۆ وەرگێڕان لە برەودایەوە، بەردەبازی بوونە وەرگێڕە، کەچی لای ئێمە ئەم لایەنە ئەگەر لە مێژوودا بەحوکمی نەبونی دەرفەتەوە شتێکی ئاسایی بووبێ، ئەوا ئێستاش هەر بە هەمان ڕبەی تەقتەق دەپێورێ و بەهەمان ڕێچکەدا دەڕوا. ئاخر کێ لەوە ورگێڕەکانمان، بەتایبەتیش ناودارەکانیان بە خوێندنی تایبەت بووەتە وەرگێڕ؟ هەر یەکێکیان بگری لە پرس و بابەتێکی دیکەدا شارەزا پسپۆڕە، یان ژیاننامەی بۆ شتێکی دیکە تەرخان کردوە، کەچی دواتر لە بازنەی شارەزایەتییەکەی لایداوە و چووەتە بواری وەرگێڕان، لەوێدا گرۆی هونەری بردۆتەوە.

کاتێکیش بە نێو بازاڕدا دەڕۆی، ڕاستە تابلۆی وەهات دێتەپێش، کەوا نووسینگە یان دەزگای وەرگێڕانی پیشەمەند/پرۆفیشناڵ و و سوێندخۆر هەیە، کەچی بازنەی کاریان لە وەرگێڕانی چەند بەڵگەنامەیەکی ئاسایی ڕۆژانە تێناپەڕێ، هەروەها ئەوەشت بۆ دەردەکەوێ کە وەرگێڕە ناودارەکانی بواری وەرگێڕانی کتێبی کوردی فریان بەسەر ئەو جۆرە نووسینگە و دەزگایانەوە نییە. ئیدی لێرەدا پێناسە و نازناوی وەرگێڕی پیشەمەند و سوێندخۆر لە قەباڵەیەکی فەرمی و بازاڕی کارکرن تێناپەڕێ، ئەمەش جۆریک لە دژبەری دونیای وەرگێڕانی کوردی دێنێتە پێشەوە. ئینجا شتێکی دیکەش هەیە، وەرگێڕی پیشەمەند و سوێندخۆر دەبێ بڕوانامەی یان ڕێپێدانێکی هاوشانی بڕوانامەیەکی پێویستی هەبێ، کە

ئەمەش خواستێکی ئاساییە، کەچی وەرگێڕی بواری کتێب لەبەر نەبوونی ئەو جۆرە بڕوانامە و مۆڵەتانە ناتوانێ بۆ بژێوی ژیانی خۆی ئەو جۆرە کارەش بکا، چونکە نییەتی.

وەرگێڕان لای خۆمان ڕەنجێکی فەرهادانەی تاکەکەسییە، ئەمەش هەر لە سەرەتای کارەکەوە تا ساغکردنەوەی دەستپێدەکا. ئاخر هەر بابای وەرگێڕ بە کاتی تایبەتی خۆی، بە ئەرکی و سەلیقەی خۆی بەدوا دەقێکدا دەگەڕێ، هەر بەخۆی پیتچنی و تەنانەت هەڵەچنیش دەکا، هەر دەبێ بە خۆی بە دوای دەزگا یان شوێنێکی چاپ ڕاکەڕاک بکا و سپۆنسەری ماددی بۆ بدۆزێتەوە تا چاپی بکا، ئینجا دوای ئەو هەموو لێلێیە لۆلۆی ساغکردنەوە و گەڕان بەسەر کتێبفرۆش و بۆ ڕیکلام و بەخشینی کتێبەکەش بخاتە سەر ئەستۆی خۆی... ئەوەی من باسی دەکەم لایەن و ڕێسا گشتییەکەتی، هەرچەندە لەم دوو دەیەی دواییدا بە هەبوونی هەندێ ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوە تا ڕاددەیەک ئەم کێشانەی لە کۆڵ بوونەتەوە، بەڵام ئەوانیش بەپێی پێویست و لە ئاست ماندوبوونەکە نین.

کاتێک دەگوترێ هەوڵێکی تاکەکەسییە، واتە دەزگایەکی توانادار، پلاندارێژ نییە خەمی ئەو بوارە هەرە بایەخدارە بخوا، بەوەی لەسەرێکەوە ببێتە سەرچاوەی بژێوی بۆ وەرگێڕ و لەسەرەکەی دیکەشەوە سەرچاوەیەکی نەتەوەییش بێ بۆ دەستنیشانکردنی شاکارەکانی زانست و زانیاری و ئەدەبیاتی جیهانی بۆ وەرگێڕان، هەم یەکخستنی هەوڵەکان و تەکانپێدانی بەگوڕی بۆ پێشخستنی زمان و دەرەقەتهاتنی بەکوردیکردنی بابەتە فرەڕەهەندەکان.

ئاخر کە ئیش نەبووە پیشە و هەر بە هەوڵی تاکەکەسی مایەوە، هەم میزاجی کەسیی ماخۆکەی تێدەکەوێ و هەم تاکڕەهەندیش. هەڵبەتە ڕەوتی ساغکردنەوە و بە بازاڕکردن، ڕۆڵی یەکلاکەرەوانە لە هەڵبژاردنی بابەتی دەقە وەرگێڕانەکان دەبینێ؛ لێکەوتەشی هەر بەو بارەدا دەشکێتەوە، کە ڕەفەی کتێبخانەی وەرگێڕدراو لەوانەیە لە بابەتێکی یان دوان و سیانی دیاریکراو بە شێوەیەکی ڕێژەیی پڕ و ئاوەدان بێ، کەچی ڕەفەی بابەتەکانی دیکەی بواری زانست و فەلسەفە چۆلوهۆل بێ.

دیاریشە دەسەڵاتی خۆکردی، کە لە سیاسەتی یەکڕیزی نیشتمانی و بەدیهێنانی خواستی نەتەوەیی هەروەک مێژووی پێشتری جووڵانەوە و شۆڕشەکان کورتهێنە و لە بوارە سەرەکییەکەی خۆی شکستی هێناوە، ئیدی چۆن دەپیرژێتە سەر پرسی وەرگێڕان؟ چۆن لەوە تێدەگا کە نووسراودانی ئێمە لە بنەڕەتەوە لەچاو هی نەتەوەکانی دەوروبەر لاوازە، ئیدی ئەم کەلێنە خەرەندئاسایە هەر هیچ نەبێ بە وەرگێڕانێکی بە بنەما، کە پلانێکی تۆکمە

و فرەڕەهەندی ئاراستکراوی هەبێ، پڕ بکاتەوە؛ بەمەش هەم پایەی بوون بە نەتەوە پتەوتر بکا و هەم زمانەکەش لە مەترسی دواکەوتن بپارێزێ.

لێرە لەبارەی وەرگێڕان و زمان هەقە زۆر ڕاشکاو بین، بەراوردێکی ئەو پرسە لەنێوان باری لاریی زمانی ئێمە و زمانی نەتەوە و دەوڵەتەکانی دیکەی جیهان بکەین. بە ڕای خاکەڕاییانەی خۆمەوە دوو هێڵی تەریب، ئەگەر یەکتربڕییش نەبن، زۆر بە زەقی دیارن. ئەوەی من لێرەدا دەیهێنمە گۆ، پرسێکی هاوچەرخانەیە، واتە بۆ باری هەنووکەیمە، بەراوردەکە هاوزەمانییە. بۆ نەتەوەی دەوڵەتدار، کە زمانەکەی وەسفی زیندوێتی بەخۆیەوەیە، یان هەر هیچ نەبێ بۆ سێ زمانی نەتەوە سەردەستە و زاڵەکانی دراوسێمان، ئەوانەی قەدەرێکی تاڵ بەیەکەوەی گرێداوین؛ بە حوکمی ئەوەی پاشخانە خەرمانێکی نووسینی پتەو و تۆکمەیان هەیە، لەبەر ئەوەی لە بواری زمان، بە ڕێزمان و لێکدانەوە فرەڕەهەندەکانی زمانەوانییەوە قووڵ و دەوڵەمەندن، ئەوا جارێ نەوەک هەر ترسی لەناوچوون و شێوانی زمانی خۆیان نییە، بەڵکو لە وەرگرتنی وشەگەلی بێگانەش ناپرینگێنەوە و بەهیچ شیوەیەک لێی ناترسن(تورکی و فارسی بەنموونە)، بۆیە هەر هیچ نەبێ لەم سێ چوار دەیەی دواییدا، وەرگێڕان، دەقاودەقتریش لەم دەیەی کۆتاییدا، و هەر بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی ڕاگەیشتن بووە بە ڕەوڕەوی زانست و زانیاری، ئیشی وەرگێڕان پیشەیی بووە، خەمی دەوڵەمەندکردنی زمانیان لەپێش نەبووە، هەر بۆیە لە جیهانی خۆرئاوادا کاتێک کتێبێک وەردەگێڕدرێ، زۆر بایەخ بە ناوی وەرگێڕەکە نادرێ، چونکە ئەو لەچوارچێوەی دەزگا و کۆمپانیایەک کاری خۆی دەکا، بژێویەکەی وەهایە، بۆ خۆی دەژی و نان پەیدا دەکا، پاشخانێکی زۆر دەوڵەمەندی هەیە، خەمی پێناسەی زمانەکەی دەمێکە لەکۆڵ بووەتەوە، تەنانەت ئامێرە تەکنۆژیاکانی سەردەمیش هەندێجار جێگەی ئەو دەگرنەوە، چونکە پێگەی ڕێزمانی زمانەکەی پتەوە...

ئینجا لە بەرانبەر ئەوەدا، کاتێ دێینەوە سەرباسی خۆمان، هەموو هۆیەکان بەرەواژدەبنەوە هەر بۆیە ئەنجام و لێکەوتەکەش بە ئاقارێکی دیکەدا دەڕۆن... ئیدی دەبێ بڵێین لەبەر ئەوەی پاشخانێکی کلتووری نووسراوی وەهامان نییە بەتەواوی پشتی لێبکەینەوە، لەبەر ئەوە ڕێزمان و ڕێنووس و فەرهەنگ و هتد ... یەکگرتوومان نییە، ڕێسایەک کە خەتی سوور بێ نییە، بۆیە هەر هەوڵێک لەو بوارەدا مایەی دەستخۆشی و ماندوونەبوونلێکردنەوە... لەبەرئەوەی نووسینی ماک، خۆی لەخۆیدا تێرێ ناکا، ئەوسا (مەبەستم سەرەتاکانی مێژووی وەرگێڕانە) و ئێستاش هەر هەوڵێکی جوامێرانەی بواری وەرگێڕان بەردێکە بۆ ڕۆنانی باڵەخانەی زمانەکەمان. لە ئەنجامی ئەو کەموکورتییەدایە، کە

هیوایەک لەسەر وەرگێڕان هەڵچنراوە کە نەوەک هەر ببێتە پارێزەر، بەڵکو ببێتە بزوێنەری دەوڵەمەندکردن و پێشخستن و هاوچەرخکردنی زمانەکەمان.

بەم جۆرە وەرگێڕی کورد دوو خەمی گەورەی لەسەر شانە، خاوەن دووپەیامە، یا باشتر بڵێم خاوەن پەیامێکی دوو سەرەیە، ئەویش هەم پیشەییبوونەکەیەتی، کە خۆی لە کردەی وەرگێڕان بەهەموو ئاریشەکانی دەبینێتەوە، دووهەمیشیان خەمی زمانی پێ وەرگێڕانەکەیەتی، کە دەبێ بەجۆرێک بێ، لەهەمان کاتدا هەم خوێنەر تێبگەیەنێ بەوەی بابەتەکە سوودمەندە، هەم بەبیریشی بێنێتەوە کە دەست بە زمانی زگماکی خۆیەوە بگرێ، کە زمانێکی دەرەقەتهاتووی شیرینە و لە ئاست زامانەکانی دیکە دانەبڕاوە... هەڵبەتە ئەمەش سەختی و ئاستەنگی و ئاریشەی خۆی بە دواوەیە. لەوانەیە هەندێ جار ئەم حاڵەتە بە دەردی پەندە کوردییەکەش بچێ؛ دوو گندۆرە بە دەستێک هەڵناگیرێن! بەڵام ئەوە قەدەری وەرگێڕی کوردە خۆشی بێ و ترشی بێ دەبێ هەڵیگرێ (هەر هیچ نەبێ لە دۆخی هەنووکەییماندا). خۆشبەختانە تا ئێستاش درێغی نەکردووە.

پەیداکردن و بڕیاردان لەسەر کتێبێک بۆ وەرگێڕان، پێواژۆیەکە بە سەختانگی خۆیدا تێدەپەڕێ. ئەمە حاڵەتە ئەگەر خۆی کێشە و ئاستەنگێک بێ بۆ باری وەرگێران، لەگەڵ خۆیشیدا لێکەوتەی دیکەی بەدواوەیە. بۆیە هەقە قسەی لەسەر بکرێ. لە ئەنجامی نەبوونی توانست بە زمانی یەکەمی دەق، یان دەستنەکەوتنی دەقە ماکەکە، ئیدی پەنا دەبردرێتە بەر وەرگێران لە زمانی دووەم، تەنانەت لە هی سێهەمیشەوە. هەڵبەتە ئەمەش بۆ پاشخانی باری ڕۆشنبیریی و دونیای وەرگێرانی کوردی دەگەڕێتەوە، کە وەک لە دێڕەکانی پێشتر ئاماژەمان پێدا، زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی بەسەر باری خوێندنەوە و بیرکردنەوەمان زاڵ بووە، بۆیە وەرگێران لە و سێ زمانەوە لای ئێمە برەوی هەیە، لەوانەشە  زمانی عەرەبی و فارسی بەشی شێری بەرکەوتبێ.

وەرگێڕان لە زمانی دووەمەوە قسەوباسی زۆری لەسەر کراوە. لێرەدا من باسی دوو ڕەهەندی دەکەم و لەگەڵ وەرگێڕان لە زمانی یەکەمەوە بەراوردی دەکەم. پێموایە ئەم وەرگێران ئەگەر لە ڕووی ناوەڕۆک و پەیامی دەقی ماک دوو دەستییانە بێ، بەڵام بۆ پرسی زمانی بۆوەرگێڕاو هیچ جیاکردنەوەیەک بە بەراورد لەگەڵ زمانی یەکەم لەخۆی هەڵناگرێ. واتە لە خزمەتی زماندا هاوشانی هەموو وەرگێڕانێکە، بەڵام بۆ ڕاستگۆیەتی دەقی وەرگێردراوەکە، لەوانەیە لێرەولەوێ سەرنج و تێبینی لەسەر بێ. ئەم بارە ڕەخنەئامێزەش زیاتر بۆ دەقی زمانی ناوەڕاست، واتە زمانی یەکەمی بۆ وەرگێڕاو و دۆزی سانسۆری کتێب و میزاجی وەرگێڕی یەکەم و دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەکە بگەڕێتەوە. کاتێ کە کتێبەکە بۆ یەکێ لەو سێ زمانە سەردەستانەی دوروبەرمان وەردەگێڕدرێ،

بێگومان دەسەڵاتی ماخۆی ئەو زمانانە، سیاسەتی ئاراستەکراوی خۆیان بۆ وەرگێران هەیە، ئینجا کە جارێکی دیکە، ئەم وەرگێڕانە دەکرێتە کوردی، هەموو تێبینییەکان لەگەڵ خۆی دێنێ. کاتێکیش بزووتنەوەی وەرگێڕانی ئەم دوو سێ دەیەی ڕابردوو لەبارەی زمانی یەکەم و دووەمەوە بەراورد بکەین، ڕەنگبێ لە ڕووی چەندایەتییەوە ئەگەر وەرگێڕان لە زمانی دووەم زیاتر نەبێ ئەوا هاوشانە لەگەڵ وەرگێڕان لە زمانی یەکەم.

لێرەوە وەک بەڵگەوبەند مافی شایەتحاڵێک بەخۆم دەدەم، کە دەراوەکەی بۆ یەک دوو کاری وەرگێڕانم هەم لە ڕۆمان و هەم لە کتێبی سیاسی مێژووی دەگەڕێتەوە، ئەوانەی تا ئێستا لەزمانی یەکەمەوە وەرمگێڕاون، دواتر لەگەڵ وەرگێڕانێک بۆ عەرەبی بەراوردم کردووم، مایەی سەرسوڕمانم بووە، جاری وا هەبووە لەکتێبێک لاپەڕەیەک یان بڕگەیەک و دوان، یان ڕستە، یان دەستەواژە لابراون و یان بە جۆرێکی دیکە وەرگێڕدراون، ئیدی بەپێودانگی من پرسی دەستپاکی لەگەڵ دەقە ماکەکە لە وەرگێڕانە عەرەبییەکە ڕەچاونەکراوە. واتە لە حاڵەتەدا ئەگەر وەرگێڕی کوردی هەرچەندە دەستپاکیش بێ، ئەوا لە کاتی وەرگێڕان لە زمانی دووەمە هەمان کەموکورتی ڕاستەوخۆ بۆ وەرگێرانە کوردییەش دەگوازرێتەوە، هەرچەندە لێرەدا ئۆباڵەکە ناکەوێتە سەرشانی وەرگێڕی کوردی. بۆیە لە هەموو حالەتیکدا وا پەسەند دەکرێ، ئەگەر لە دۆخێکی زۆر پێویست نەبێ، پەنا بۆ وەرگێران لە زمانی دووەمە نەبردرێ.

ڕاستە وەرگێڕان چەندین شێوازی هەن، ئەمە خۆی بابەتێکی ئاڵۆزە، لێ من لێرەدا دەمەوێ ڕاشکاوانە لەسەر سەرەداوێکی زۆر گرنگ بوەستم، لەنێوان وەرگێرانی ئازاد و وەرگێڕانی ڕێگەی ناوەڕاست. زۆر جاران وەرگێڕانی ئازاد کەم تا زۆر دەستکاری وەرگێڕەکەشی تێدەکەوێ، چونکە قەبارەی دەقەکە وەک ماکەکە هاوشان نایەتەوە، یان جەوهەری وەرگێڕانەکە بە چۆنیەتی لێتێگەیشتنی بابای وەرگێڕ پەیوەستە. ئاخر وەرگێڕ لەو حاڵەتەدا لە دەقەکە دەگا، ئینجا دێت و ناوەڕۆکەی بەگویرەی لێتێگەیشتنی خۆی دەکاتە کوردی، یان بە دەستەواژەیەکی دیکە دایدەڕێژێتەوە. ئەو ڕاستییە دەبێ بگوترێ، کە ئەم جۆرە وەرگێرانە بۆ خوێنەر ڕەوانتر و خۆشتر دێتەبەرچاو، هەربۆیە زۆرجار وێنای بەکوردیکردنی دەدرێتەپاڵ. مامۆستا محمەدی قازی گەورەوەرگێڕی کوردی فارسینووس، لەو بارەوە ڕای تایبەتی و نموونەی جوانی هەیە. بەڵێ ئەم وەرگێرانە، لەوانە زۆر جیاواز نەبێ لەوەی کەسێک هەر لە سەرتاوە بە زمانی زگماکی خۆی بیرۆکەکە دابڕێژێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دیوێکی دیکەشی هەیە، کە پەیەستە بە پەیامی نووسەر، بە دەستپاکی لە گواستنەوە و هتد...

کاتێ وەرگێڕان گەیاندنی پەیامی دەق و نووسەر بێ، ئەوا مەرج نییە پەیامەکەش تەنیا لە کرۆکی بابەتە بەرجەستە ببێ، بەڵکو هەندێ جار بەپێی بابەتەکەوە، خۆی لەم زریزەشتانەی خوارەوە دەبینێتەوە: لە کورتی و درێژی دەق، لە بەکارهێنانی دەستەواژە، لە جوانکاری ڕەوانبێژییانە، لە تەوس و قسەی لەبن، لە ئاماژە و هێما و قسەی توێکڵدار، لە ئیدیۆم و هتد...

لەم حاڵەتەدا وەرگێڕانی ئازاد دەرەقەتی نایەت... هەربۆیە وەرگێرانی ڕێگەی ناوەڕاست، واتە لە نێوان وەرگێرانی دەقاودەق و وەرگێرانی ئازاددا، دروستتر مەبەستەکە دەپێکێ. هەڵبەتە ئەمەش هەر بە لێکدانەوەی میزاج و سەلیقە نییە، بەڵکو بەڵگەوبەندی خۆی لەپشتە. ئاخر هەر لەبەرئەوەشە گوتراوە، وەرگێڕان واتە دەقنووسکردنەوە، دارشتنەوە لە نووسین بۆ جاری یەکەم سەختترە، ئەمەش لەبەر یەک هۆی سادە و ڕوون، لە نووسیندا، بابای نووسەر بەو کەرەستە هزرییەی هەیەتی ئازادە چۆنی دەرببڕێ و دایبرێژێتەوە، واتە قاڵبێکی نییە تیادا سنووردارببێ، مەگەر خۆی بۆ خۆی قاڵبەکە دابڕێژێ، بەڵام لە وەرگێڕاندا، ئەوا بابای وەرگێڕ پێش هەموو شتێک چوارچێوەیەکی پێشتر بۆ دارێژراوە، کە خۆی لە پەیامی نووسەردا دەبینێتەوە، ئیدی نابێ و ناکرێ لێی دەرچێ، بەڵکو دەبێ لە دووتووێ ئەو چوارچێوە داڕێژراوەدا بەهرەی گەیاندنی پەیامی سەرەکی، بەهرەی شیرینی و ڕەوانەی زمانی بۆ وەرگێڕاوەکەی تێدا بەدی بێنێ.

چەند دێڕێک لە ژیاننامەی وەرگێڕ

- لە ١٩٦٨ لە گوندی گرتک لە دۆڵی ڕوستێی دەڤەری باڵەکایەتی لەدایکبووە
- لە ١٩٨٨دا بە کالۆریۆسی لە قانون لە زانکۆی بەغدا وەرگرتووە.
- لە ١٩٩٧ـەوە تا ٢٠١٢ ئاوارەی ئەوروپا (هۆڵەندا و بەریتانیا) بووە.
- لە پاڵ زمانی زگماکیدا؛ زمانەکانی عەرەبی، هۆڵەندی و ئینگلیزیش دەزانێ

**چاپکراوەکانی وەرگێڕ**

**١ – نهێنییەکانی مۆساد، نووسینی گۆردۆن تۆماس، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، سێ جار چاپکراوەتەوە؛ چاپی یەکەم ٢٠٠٨ چاپخانەی هێڤی، هەولێر. چاپی دووهەم دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠١٤. چاپی سێهەم ڕۆژهەڵات ٢٠١٦.**

**٢ – مادلین ئۆلبرایت، سیاسەتی ئەمریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، سەنتەری نما ٢٠٠٩، هەولێر.**

**٣ – داود بنگۆریۆن، دامەزرێنەری دەوڵەتی ئیسرائیل، نووسینی ڕۆبەرت سەنت یۆهن، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، چاپخانەی هێڤی ٢٠١١، هەولێر. چاپی دووەم ناوەندی ئاوێر ٢٠١٦ هەولێر.**

**٤ – کوردستان لە نێوان سیڤەر و سنوورە دەستکردەکاندا، نووسینی: هیسەر لێهر واگنەر. مێژوو. وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە. چاپی یەکەم؛ لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی هەولێر ٢٠١٣. چاپی دووەم، ئاوێر ٢٠١٥.**

**٥ – وەرزێکی سپیی وشکوبرینگ، ئەندریێ برینک. ڕۆمان. وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٣.**

**٦ – ژیانی من، چۆن ئیسرائیل دامەزرێنرا؟ گۆڵدا مایەر، یاداشت، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر، هەولێر. ٢٠١٤.**

٧ – ئینفێرنۆ، دۆزەخ، دان براون، ڕۆمان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٥.

٨ – شەرەف، ئەلیف شەفەق، ڕۆمان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٥.

٩ – یاخیبوون، مناحیم بێگن، یادەوەری، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٦.

١٠ – خانووەکەی مزگەوتێ، قادر عەبدوڵلا، ڕۆمان، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٦.

١١ – کۆدەکەی داڤینشی، دان براون، ڕۆمان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر، هەولێر ٢٠١٦.

١٢ – خەتی بزماری، ڕۆمان، قادر عەبدوڵلا، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، ناوەندی ئەندێشە، سلێمانی ٢٠١٧.

١٣ – کردە هەرەگرنگەکانی مۆساد، میخائیل بار زۆهار و نەسیم میشال، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، چاپخانەی حەمدی، ٢٠١٨ سلێمانی.

١٤ – لە مەککە، قادر عەبدوڵلا، ڕۆمان، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، چاپخانەی حەمدی، ٢٠١٨ سلێمانی

١٥ – ئەرێ کورد بوونە بەردەباز؟! ڕۆبەرت بریان گیبسن، مێژوو، لە ئینگلیزییەوە، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی ٢٠١٩.

١٦– شەوە سپییەکان، مناحیم بێگن، یادەوەریی، لە ئینگلیزییەوە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٩.

١٧ – زۆربای ئێرانی، قادر عەبدوڵلا، ڕۆمان، لە هۆڵەندییەوە، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢٠.

١٨– ژیانی من، گۆلدا مایەر، یادەوەری، لە ئینگلیزییەوە، چاپێکی نوێی چاککراو، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢٠.

١٩– کچانی دووکەڵ و ئاگر، ئاڤا هوما، ڕۆمان، لە ئینگلیزییەوە، سلێمانی چاپخانەی کارۆ، ٢٠٢١.

٢٠ – هێڵێک بەنێو لمدا، جێمس بار، مێژوو،  لە ئینگلیزییەوە، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠٢٢

٢١- شای ئێران؛ کوردی عێراق و شیعەی لوبنان، ئارەش ڕەئیسینەژاد، مێژوو، لە ئینگلیزییەوە. ئامادەیە بۆ چاپ.